https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.22

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# شیکردنەوەی شێوازی سەروای غەزەلە کوردییەکانی وەفایی بە پێی قوتابخانەی شێوازناسیی ئاماری

چاوەرێ نعمت سالح
بەشی زمان و ئەدەبی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران
chaware.salih@soran.edu.iq
هێمن شریف شریف
وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان
hss038@kue.soran.edu.iq
عیمران نەوزاد حسۆ
وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان
Hnh048@kue.soran.edu.iq

**پوختە:**

توێژەرانی کوردزمان، چەندین توێژینەوەیان لەبارەی لایەنی هزری، زمانی و هونەری لەسەر دیوانی وەفاییی شاعیر ئەنجامداوە. ئەم هەوڵە زانستییە، توێژینەوەیەکی شێوازناسییە بە ئامانجی دەرخستنی گۆشەیەکی شێوازی شیعری وەفایی. بەشی غەزەلەکان لە دیوانی وەفایی لە (١٢١) غەزەل پێکهاتووە، لەم ژمارەیەدا تەنیا (٣٠٢) دێر لە غەزەلەکان سەروایان هەیە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا تەنیا کار لەسەر (٣٠٢) دێرە شیعر دەکرێت، هەروەها لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی ورد پێکهاتەی وشەی سەروا لە لایەنەکانی جۆری دەنگ و ژمارەی دەنگ دیاریکراوە. لەم کارە زانستییە بە شێوەیەکی ئاماری جۆر و ژمارەی سەروا و پەیوەندییان بە کێشی دێرە شیعرەکان شیکراوەتەوە، ئەمەش بە ئامانجی دەرخستنی ئەوەی چ جۆرە سەروایەک لە کام جۆر کێشدا و **چەند** و **چۆن** بەکارهاتووە؟، هەروەها هەوڵدراوە بە شێوەیەکی ئاماری پەیوەندیی وشەی سەروا بە بەشە ئاخاوتنەکانی زمان شیبکرێتەوە، بە ئامانجی ئەوەی دەرکەوێت کە شاعیر لە دروستکردنی وشەی سەروادا، چۆن و چەند سوودی لە بەشە ئاخاوتنەکانی زمان وەرگرتووە، هەروەها ئەم توێژینەوەیە بە شیوەیەکی ئامارییی ورد، کار لەسەر دەرخستنی دەرکەوتەی بەشە ئاخاوتنەکان لەناو پێکهاتەی سەروای غەزەلەکانی دیوانی وەفایی دەکات.

**وشە کلیلییەکان:** شێوازناسیی ئەدەبی، وەفایی، سەروا، ئامار، غەزەل.

## شیکردنەوەی شێوازی سەروای غەزەلە کوردییەکانی وەفایی بە پێی قوتابخانەی شێوازناسیی ئاماری

### پێشەکی:

یەکێک لە لایەنەکانی شێوازناسیی ئەدەبی (Literary Stylistics) بریتییە لە لایەنی هونەری. لایەنی هونەری لەناو خۆیدا بەسەر چەند کەرستەیەکی هونەری دابەشدەبێت. یەکێک لەو کەرستانە کە بەهۆیەوە دەتوانرێت بەشێک لە ناسنامەی شیوازی شاعیری لێوە دەستنیشانبکرێت؛ بریتییە لە پێکهاتە و بونیادی سەروا. سەروای شیعر یەکێکە لەو تایبەتمەندییە هونەرییانەی کە لە پێکهاتەی بونیادی شیعریدا بەشداریدەکات. سەروا وەک کەرستەیەکی هونەری بۆ شاعیران لە پێکهاتەی شیعردا ڕۆڵ و گرنگیی خۆی هەیە. ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوە و دەرخستنی توانای شاعیرە لە پێکهاتەی سەروادا، چونکە بەکارهێنانی سەروا و جۆرەکانی سەروا پەیوەستە بە توانا و کارامایییە هونەرییەکانی شاعیر، بۆیە هەر شاعیرەوە بە جۆرێک لە شیعرەکانیدا مامەڵەی لەگەڵ سەروا کردووە. دەکرێت لە ڕێگەی دۆزینەوە و دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی پێکهاتەی سەروا لە پانتایی دەقدا، گۆشەیەک لە شێوازی شاعیری لێوە بناسێنرێت.

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە "شیکردنەوەی شێوازی سەروای غەزەلە کوردییەکانی وەفایی بە پێی قوتابخانەی شێوازناسیی ئاماری".

**سنووری توێژینەوەکە:**

تەواوی غەزەلە کوردییەکانی دیوانی وەفایی (میرزا عەبدوڕڕەحیمی سابڵاغی) لەخۆدەگرێت.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم تویژینەوەیە لە ڕووی میتۆدییەوە پەیڕەوی لە میتۆدی چەندایەتی دەکات، هەر بۆ ئەم مەبەستە پشت بە قوتابخانەی شیوازناسیی ئاماری بەستراوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوە:**

یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە زەمینەی ڕەخساند بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە، خودی دیوانی وەفایی بوو، چونکی وەفایی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە لایەنی هونەری خاوەن پێگە و توانای تایبەتە. هۆکارێکی تر پەیوەستە بەم فۆڕمە لە کارکردنە لەسەر شێوازی شاعیرانی کلاسیکیی کوردی، چونکی ئەوەندەی توێژەران زانیارییان هەبێت؛ پێشتر توێژینەوەی شیوازناسیی ئەدەبی بەم فۆڕمە ئامارییە کە بە تەنیا کاری لەسەر یەک کەرستەی شیوازی کردبێت, نەکراوە، بۆیە بەم شێوە کارکردنە دەکرێت کردنەوەی دەرگایەکی نوێ بێت بە ڕووی توێژینەوەی شێوازناسیی ئەدەبی، چونکی توێژەران پێیانوایە لە توێژینەوەکانی پێشوودا بە تەنیا یەک کەرستەی شێوازی نەبۆتە بابەتی توێژینەوە.

**توێژینەوەکانی پیشوو:**

پەیوەست بە شێوازناسیی ئەدەبی لە توێژینەوەی ئەدەبی کوردیدا چەند تویژینەوەیەک ئەنجامدراون، بەڵام بە جیاوازی و وێکچوونێکی کەم

لەو فۆرمە کارکردنی کە لەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە.  یەکێک لەو کارانە هەوڵدانەکەی توێژەر "پ. د .سیروان جبار ئەمین (زەند)"ە،  بە ناونیشانی "شیوازی سەروای غەزەلە کوردییەکانی مەحوی"، ئەم هەوڵەی توێژەر سەرەتایەکی باشە بۆ کارکردن بە بنەمای ئاماری, توێژەر لە ڕووی دەنگییەوە بە بنەمای ئاماری کاری لەسەر دیاریکردنی سەروا لە دیوانی مەحوی کردووە، هەروەها توێژەر دەنگە دووبارەکانی وەرگرتووە، بە وردی ڕێژەی دەرکەوتنیان لە سنووری غەزەلەکاندا نیشانداوە. هەوڵێکی تر لایەن توێژەر " پ. د. یادگار ڕەسول حەمەدەمین،ە بە ناونیشانی "سەروای شیعرە کوردییەکانی نالی". توێژەر لە توێژینەوەکەیدا کاری لەسەر چەند لایەنێکی سەروا کردووە، لەوانە ڕەوی، پێشڕەوی، پاشڕەوی، پاشسەروا و پیشسەروا. توێژەر تەنیا بە بنەمای ئاماری کاری لەسەر تاکدەنگی کۆتاییی وشەی سەروا کردووە، هەوڵەکەی ئەمیش پشتی بە ئامار بەستووە، بەڵام بە ئامانجی دەرخستنی شێوازی شاعیر نەبووە. هەوڵی دواتر لە لایەن توێژەر "جەعفەر قەهرەمانی"ە بە ناونێشانی "لێکدانەوەی ئاستی شیعری وەفایی" توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بە ئاراستەی شیوازناسی، کاری لەسەر دیوانی وەفایی کردووە، بەڵام ئەم چەند هونەرێکی شێوازی وەرگرتووە، پاشان لەسەر دیوانی وەفایی جێبەجێیکردووە، بەڵام ئاماری سەروای لە دیوانی وەفایی وەرنەگرتووە، بەڵکو چەند کەرستەیەکی هونەری لە دیوانی وەفایی هەڵێنجاوە. بە شێوەیەکی گشتی توێژینەوەکان شیاوی نرخاندنن، هەروەها لەگەڵ ئەم توێژینەوەی بەردەست جیاوازییان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم توێژینەوەیە سوود لە توێژینەوەکانی پێش خۆی وەرگرتووە.

**کورتکراوەکان:**

غ = غەزەل ل = لاپەرە ج = جۆری بەحری شیعر

د = دێر دە=دەنگ ب= بەشەکانی ئاخاوتن

**دەروازە**

**پێناسەی سەروا:** سەروا چەندین پێناسەکردنی جیاواز و وێکچووی بۆ کراوە، لەبەرئەوەی هەر پێناسەیەک لەوانە لە گۆشەیەکی تایبەتەوە لە بەها و ئەرکی سەروای ڕوانیوە، لەوانە؛ سروس شمیسا بەم شێوەیە پێناسەی سەروای کردووە" سەروا یەکێکە لە لقەکانی زانستی ئەدەبیاتناسی، کە پەیوەستە بە مۆسیقای شیعری. لەناو سەروادا باس لە کێشی شیعر، هەروەها جۆرەکان و دروستی و نادروستیی سەروا دەکرێت" (شمیسا،١٣٨٣: ٦). هەروەها لە پێناسەیەکی تر لەبارەی سەروا هاتووە کە" بریتییە لەو دەنگە یان کۆمەڵە دەنگە لە کۆتاییی وشە سەروادارەکان دووبارە دەبنەوە، ئەمە بە تایبەتی لە کۆتاییی لەت یا دێرە شیعر (گەردی، ١٩٩٩: ٢٦).

١. **وشەی سەروا:** ئەو وشەیە کە دەنگەکانی سەروای لە کۆتاییەوە دێت، دەکەوێتە کۆتاییی هەردوو نیوە دێرەکە، بەڵام مەرجە وشەکە بەهەمان مانا خۆی دووبارە نەکاتەوە، ئەگەر بە هەمان مانا دووبارەببێتەوە، وشەکانی پێش ئەو دەبن بە وشەی سەروا، هەروەها مەرجە دەنگێک، یان زیاتر لە دەنگێکی هاوبەش لە نێوان دوو وشەکەدا هەبێت (گەردی، ١٩٩٩:١٤٤) نموونە:

حەریقی ئاوری دووریم، داغداری زولفی جانانە

ئەگەر با بێ لە لای قیبلەم نەبێ حاڵم پەریشانە

لەم دێرەدا هەردوو وشەکانی (جانانە، پەرێشانە) دەبن بە وشەی سەروا، دەنگی هاوبەشی نیوان ئەم وشانە (ا،ن،ە)یە.

**٢. پێش سەروا:** ئەو وشە، یاخود دەستەواژەیە کە لە پێش وشەی سەروا لە هەردوو نیوە دێردا، بەهەمان فۆڕم و مانا خۆی دووبارەدەکاتەوە (عزیز، ٢٠١٦: ١٧٦).

لێوەکەی ئالت دەڵێن عاشق لە سووتان بەردەدا

زەڕڕەیک نوورە بەڵێ ئاگر لە ئینسان بەردەدا

لەم دێرە وشەی (لە) دەبێت بە پێش سەروا، چونکە لە هەردوو نیوە دێرەکەدا، بە هەمان مانا دووبارەبۆتەوە.

٣. **پاش سەروا:** وشەیەکە، یاخود دەستەواژەیەکە لە دوای وشەی سەروا، بە هەمان فۆڕم و مانا خۆی دووبارەدەکاتەوە (عزیز،٢٠١٤:٢٧٧). بەدیدی (شفیعی کدکنی (پاش سەروا هونەرێکی فارسییە، چونکە شاعیرە فارسەکان؛ پێش هەموو نەتەوەکانی تر لە شیعرەکانیاندا ئەم هونەرەیان بەکارهێناوە (کدکنی،١٣٩٩:٢٢٣). نموونە:

قەد گوڵ و ڕوو گوڵ و دەرمانی گوڵە

ڕاستە ئەمڕۆ گوڵە خەرمانی گوڵە

لەم دێرە وشەی (گوڵە) دەبیت بە پاش سەروا، چونکە لە هەردوو نیوە دێردا، وشەکە بەهەمان مانای دووبارەبۆتەوە.

### ١.١. سەرواى یەک دەنگی:

لە کۆی (١٤٥٠) دێر لە (١٢١) غەزەلدا، (٣٠٢) دێر سەروادارن، هەروەها لە کۆی (٣٠٢) دێری سەرواداردا، (١٩٧) دێر سەرواى (یەک) دەنگیی هەیە.

#### ١.١.١. سەرواى یەک دەنگە بزوێنەکان:

**دەنگی بزوێن**: کە پێی دەڵێن ( (Vowel sounds ئەو دەنگانەن، کە لە زمانی کوردیدا هەرگیز ناکەونە سەرەتای وشە، بەڵکو ئەخرێنە پاڵ دەنگە نەبزوێنەکان، بۆئەوەی یارمەتییان بدەن، تاوەکو بە ئاسانی لە (گەروو) و (دەم)دا بێتە دەرەوە، دەنگە بزوێنەکان لەناو خۆیاندا دوو جۆریان هەیە، کە دەنگە بزوێنە کورتەکان و دەنگە بزوێنە درێژەکانن (کاکی،٢٢,٢٠١٣).

##### ٢.١.١.١. دەنگە بزوێنە کورتەکان:

لەم دیوانەدا هیچ وشەیەک  نییە، کە لە جۆری سەرواى یەک دەنگی بێت و کۆتایی بە دەنگی بزوێنی کورتی (و) هاتبێت.

دەنگی (ە) (غ: ٧٢) (نموونەی غەزەل: ١٠٩) (ل: ٢٨٤) (دە:١) (د: ١) :

مەنعی نالینم لەشەوقی گەردەن و ڕووی خۆت مەکە

بولبول سوبحی بەهار بێ شین  و واوەیلا نییە

لەم دێرەی سەرەوەدا، وشەکانی سەروا بریتین لە (مەکە، نییە) جۆری سەرواکەیان لە ڕووی دەنگەوە سەرواى یەک دەنگییە.

دەنگی: (ی) (غ: ١٣) (نموونەی غەزەل:١٥٠) (ل: ٣٣٥) (دە:١) (د: ٤):

به ناڵەی بولبول و قومری (وەفایی) بۆیە هەر دەگری

گولێکی سەرو باڵام بوو بە تاراجی ڕۆیی

لەم دێرەی سەرەوەدا، وشەکانی سەروا بریتین لە (دەگری، رۆیی)، جۆری سەرواکەیان لە ڕووی دەنگەوە سەروای یەک دەنگییە.

**١.١.١.١.٢.١. دەنگە بزوێنە درێژەکان:**

دەنگی: (ا) (غ:١٥) (نموونەی غەزەل:٢) (ل:٢٤) (دە:١) (د:١٠):

سەری کوڵمت لە نێوان زولفی سیادا

ئیشارێکە لە نووری شەو چرادا

لەم دێرەی سەرەوەدا، وشەکانی سەروا بریتین لە (سیا، چرا)، جۆری سەرواکەیان لە ڕووی دەنگەوە سەروای یەک دەنگییە.

دەنگی: (ێ) (غ :١١) (نموونەی غەزەل:١٠٥) (ل:٣٠٢) (دە:١) (د:١٠):

دوور لە ئەغیار و رەقیبان عومری دوو سەد ساڵی دێنێ

دەست لە دەستی یار و سەحنی باغ و گۆشەی مەهتابێ

لەم دێرەی سەرەوەدا، وشەکانی سەروا بریتین لە (دێنێ، مەهتالێ)، جۆری سەرواکەیان لە ڕووی دەنگەوە سەروای یەک دەنگییە.

**دەنگی نەبزوێن**: کە پێی دەڵێن (Consonat Sounds) ئەو دەنگانەن کە لە دەربڕین و ئاخاوتندا ئاسان گۆناکرێن، بە ئاسانی لە دەم نایێنە دەرەوە، بەڵکو هەمیشە بە یارمەتیی دەنگە بزوێنەکان لە دەم دێنە دەرەوە (خۆشناو،٢٠١٤،،٢٣).

دەنگی: (م) (غ:٦٠) (نموونەی غەزەل:٣٩) (ل:١٢٢) (دە:١) (د:٥):

من ورغی قودس لە لامەکان بووم

ئیلاهی رەحمێ شکستە باڵم


لەم دێرەی سەرەوەدا، وشەکانی سەروا بریتین لە (بووم، باڵم)، جۆری سەرواکەیان لە ڕووی دەنگەوە لە جۆری سەروای یەک دەنگییە.

دەنگی: (ت) (غ:٨) (نموونەی غەزەل:٢٢) (ل:٧٠) (دە:١) (د:٣):

زولفت خەتاکار بوو چاوت برۆی داخست

بابچین ماچ کەین دەستی شای چین و ماچینت

لەم دێرەی سەرەوەدا، وشەکانی سەروا بریتین لە (داخست، ماچینت)، جۆری سەرواکەیان لە ڕووی دەنگەوە سەروای یەک دەنگییە. لەم دیوانەدا ئاماری دەنگەکانی سەروای یەک دەنگی، بەم شێوەیەیە:




هێلکاریی ژمارە (١): دابەشبوونی سەروا یەکدەنگییەکان.

### ٢.١. سەروای دوو دەنگی:

لە کۆی (١٤٥٠) دێر لە (١٢١) غەزەلدا، (٣٠٢) دێر سەرواداران، هەروەها لە کۆی (٣٠٢) دێر شیعردا (٢٥) دێر سەروای (دوو) دەنگییان هەیە.

(غ:٢٥) (نموونەی غەزەل:٦) (ل:٣١) (دە:٢) (د:١):

لەو شارە خەدەنگی سەنەمێکم لە جگەر دا

شۆخێ کە غەمی ئیینەداری بە قەمەر دا

لەم دێرەی سەرەوەدا، وشەکانی سەروا بریتین لە (جگەر، قەمەر)، جۆری سەرواکەیان لە ڕووی دەنگەوە سەروای دوو دەنگییە.

### ٣.١. سەروای سێ دەنگی:

لە کۆی (١٤٥٠) دێر لە (١٢١) غەزەلدا، (٣٠٢) دێر سەروادارن، لە کۆی (٣٠٢) دێرە شیعردا (٦٣) دێر سەروای (سێ) دەنگییان هەیە .

(غ:٦٣) (نموونەی غەزەل:١٧) (ل:٥٦) (دە:٣) (د:١):

نیگارا ئەی بە غەمزە ئافەتی دڵ چاوی بیمارت

ئەمان سەر تا قەدەم سووتام لە دووری نووری دیدارت

لەم دێرەی سەرەوەدا، وشەکانی سەروا بریتین لە (بیمارت، دیدارت)، جۆری سەرواکەیان لە ڕووی دەنگەوە سەروای سێ دەنگییە.

### ٤.١. سەروای چوار دەنگی:

لە کۆی (١٤٥٠) دێرە شیعردا، هەروەها لە کۆی (١٢١) غەزەلدا، (٣٠٢) دێر سەرواداران، لە کۆی ئەم ژمارەیەدا (٩) دێر سەروای (چوار) دەنگییان هەیە.

(غ:١٠) (نموونەی غەزەل:١١) (ل:٤١) (دە:٤) (د:١):

بەخۆڕایی نییە سووتاوی ڕووتە عاشقی شەیدا

لەڕووتی دیوە جیلوەی ئاتەشی ( (سینا)) لە سینەیدا

لەم دێرەی سەرەوەدا، وشەکانی سەروا بریتین لە (شەیدا، سینەیدا)، جۆری سەرواکەیان لە ڕووی دەنگەوە سەروای چوار دەنگییە.

### ٥.١ سەروای پێنج دەنگی:

لە کۆی (١٤٥٠) دێر لە (١٢١) غەزەل، (٣٠٢) دێر سەرواداران، لە کۆی (٣٠٢) دێرەشدا (٦) دێر سەروای پێنج دەنگییان هەیە .

(غ:٦) (نموونەی غەزەل:٤٠) (ل:١٢٤) (دە:٥) (د:١):

تابادی خەزان دایە گوڵ و بەرگی ڕەزانم

سەد جێ وەکو و بولبول لە جگەر داغی خەزانم

لەم دێرەی سەرەوەدا، وشەکانی سەروا بریتین لە (ڕەزانم، خەزانم)، جۆری سەرواکانیان لە ڕووی دەنگەوە سەروای پێنج دەنگییە.

**٦.١. سەرروای شەش دەنگی:**

لە کۆی (١٤٥٠) دێر لە (١٢١) غەزەل، (٣٠٢) دێر سەرواداران، لە کۆی (٣٠٢) دێرەشدا (١) دێر سەرروای (شەش) دەنگی هەیە.

(غەزەل:١) (نموونەی غەزەل:٧٧) (ل:٢٣٨) (دە:٦) (د:١):

قەد گول و ڕووو گوڵ و دەرمانی گوڵە

ڕاستە ئەمڕۆ گوڵە خەرمانی گوڵە

لەم دێرەی سەرەوەدا، وشەکانی سەروا بریتین لە (دەرمانی، خەرمانی) جۆری سەرواکەیان لە ڕووی دەنگەوە سەرروای شەش دەنگییە.

**٧.١. سەرروای حەوت دەنگی:**

لە پانتایی تەواوی غەزەلەکانی وەفایی شاعیردا، هیچ دێرە شیعرێک بەدیناکرێت کە لە جۆری سەرروای حەوت دەنگی بێت.

**٨.١. سەرروای هەشت دەنگی:**

لە کۆی (١٤٥٠) دێری غەزەل، لە (١٢١) غەزەلدا، (٣٠٢) دێرە شیعر سەروایان هەیە، لە کۆی (٣٠٢) دێردا، (١) دێر سەرروای (هەشت) دەنگیی هەیە.


(غ:١) (نموونەی غەزەل:٧٦) (ل:٢٣٧) (دە:٨) (د:١):

چ تەلیسمێکە ؟ چ سیحرێکە ؟ چ سەوداییێکە ؟

سەری زولفت کە دوسەد چینی بە هەوداییێکە ؟

لەم دێرەی سەرەوەدا، وشەکانی سەروا بریتین لە (سەودایێکە، هەودایێکە) جۆری سەرواکەیان لە ڕووی دەنگەوە سەروای هەشت دەنگییە.

هەروەها زۆرترین ئەو وشانەی دەبن بە سەروا لە ناو دێری (یەک دەنگیدایە، کە لە ١٩٧ دێردا، سەروای (یەک) دەنگی هەیە بە ڕێژەی (٦٥.٢٣١ ٪)، نزمترین ئەو وشانەی دەبن بە سەروا لە دێری (شەش، هەشت) دەنگیدان کە لە (١) دێردا سەروای (هەشت، شەش) دەنگی هەیە کە ڕێژەی (٠.٣٣١ ٪)، لەم دیوانەدا هیچ دێرێکمان نییە کە سەروای (حەوت) دەنگی هەبێت.




هێلکاریی ژمارە (٢): ئاماری دابەشبوونی دەنگەکان بەپێی ژمارەی دێرەکان.

### ٢.١. دابەشبوونی سەرواکان بەپێی بەحرەکان

#### ١.٢.١. دابەشبوونی سەروای یەک دەنگی بەپێی بەحرەکان:

لە کۆی (١٤٥٠) دێری غەزەلدا، (٣٠٢) دێری غەزەل سەرواداربوون، لەم ژمارەیەدا (١٩٧) دێری سەروای (یەک) دەنگیان هەیە، لەم دێرانەدا (بەحری) دێرە سەرودارەکان, بەم شێوەیە دابەشدەبێت:

(ج:هەزەج) (غ:١٠٣) (نمونەی غەزەل:٣٤) (ل:١٠٩) (د:٦) (دە:١) نموونە:

دڵ جیلوەگە و جێ قەدەمی تۆ بووە دیدەم

هەرچەندە کە دوورم بە دڵ و دیدە لەلاتم


کێشی ئەم دێرە شیعرە لە جۆری (مفاعیلن، مفاعلین، مفاعلین، مفاعلن)ە، کە بەحری هەزەجی موسەممەنی سالمە، هەروەها وشەکانی (دیدەم، لەلاتم) دەبن بە وشەی سەروا.

(ج: موزاریعی) (غ:٢٦) (نمونەی غەزەل:٣٥) (ل:١١١) (د:٥) (دە:١) نموونە:

ئەو تیرەی دات لە جەرگم، دەرکەوت ئاسای مەرگم

فەرمووت : کە دێ بە سەربێ،بەختم نەبوو نەهاتم

کێشی ئەم دێرە شیعرە لە جۆری (مفعول، فاعلاتن، مفعول، فاعلاتن)ە، هەروەها بەحری موزاریعی موسەممەنی ئەخرەبە، وشەکانی (مەرگم، نەهاتم)دەبن بە وشەکانی سەروا.




هێلکاریی ژماره (٣): ئاماری دابەشبوونی سەروای یەک دەنگی بەپێی بەحرەکان.

### ٢.٢.١. دابەشبوونی سەروای دوو دەنگی بەپێی بەحرەکان:

له کۆی (١٤٥٠) دێری غەزەل له دیوانی وەفاییدا، (٣٠٢) دێری غەزەل سەرواداربوون، لەم ژمارەیەدا (٢٥) دێر، سەروای (دوو) دەنگییان هەیە، هەروەها لەم (٢٥) دێرەدا (جۆری بەحری شیعره) سەرودارەکان دوو دەنگییەکان بەم شێوەیه دابەشدەبێت:

(ج: هەزەج) (غ:٧) (نمونەی غەزەل: ٦) (ل:٣١) (د:١) (دە:٢) نموونه:

لەو شارە خەدەنگی سەنەمێکم له جگەردا

شۆخێ که غەمی ئایینەداری به قەمەردا


کێشی ئەم دێره شیعره له جۆری (مفعول، مفاعیل، مفاعیل، فعولن)ه، هەروەها جۆری بەحرەکەی، هەزەجی موسەممەنی ئەخرەبی مکفووفی مەحزووفه، وشەکانی (جگەر، قامەر) دەبن به وشەی سەروا.

(ج:رەجەز) (غ:٣) (نمونەی غەزەل:٥٣) (ل:١٧١) (د:١) (دە:٢) نموونه:

جیلوەی سەبا لەنجەی شەمال ، بۆی زولف و خاڵی یاردەدەن ؟

یانەو بەهاردێنێ بەبار ، مێشک تەتار بۆی نەستەرەن ؟

لەم دێرەی شیعردا کێشی شیعرەکە (مستفعلن، مستفعلن، مستفعلن، مستفعلن)ە، بەحری ڕەجەزی موسەممەنی سالمە، وشەکانی (یاردەدەن، نەستەرەن) دەبن بە وشەی سەروا.




هێلکاریی ژمارە (٤): ئاماری دابەشبوونی سەروای دوو دەنگی بەپێی بەحرەکان.

### ٣.٢.١. دابەشبوونی سەروای سێ دەنگی بەپێی بەحرەکان

لە کۆی (١٤٥٠) دێری غەزەل (٣٠٢) دێری غەزەل سەرواداربوون، لەم (٣٠٢) دێرەشدا (٦٣) دێر سەروای (سێ) دەنگیی هەیە، هەروەها لەم (٦٣) دێرەشدا (بەحری) سەرودارەکان بەم شێوەیە دابەشدەبەن:

(ج: هەزەج) (غ:٣٨) (نموونەی غەزەل:٦٤) (ل:٢٠٣) (د:١) (دە:٣) نموونە:

لەسەر ڕووت کازیبەی زولفت وەلابە

کە سادیق بێ تولوعی ئافتابە


لەم دێرە شیعردا کێشی شیعرەکە بریتییە لە (مفاعیلن، مفاعیلن، فعولن)، هەروەها بەحری هەزەجی موسەممەنی مەحزووفە، وشەکانی (وەلابە، ئافتابە) دەبن بە وشەکانی سەروا.

(ج: ڕەمەلی) (غ:١٥) (نموونەی غەزەل:٢١) (ل:٦٧) (د:١) (دە:٣) نموونە:

بەس بێ جیلوەی زولفت و خاڵان ! عاشقی ڕوخساری خۆت

ئاڵ ولای خولدی ناوێ تالیبی دیداری خۆت

کێشی ئەم دێرە شیعرە بریتییە لە (فاعلاتن، فاعلاتن، فاعلاتن، فاعلن)، هەروەها بەحری ڕەمەڵی موسەممەنی مەحزووفە، وشەکانی (روخساری، دیداری) دەبن بە وشەکانی سەروا.




هێلکاریی ژمارە (٥): ئاماری دابەشبوونی سەروای سێ دەنگی بەپێی بەحرەکان.

### ٤.٢.١. دابەشبوونی سەروای چوار دەنگی بەپێی بەحرەکان:


لە کۆی (١٤٥٠) دێری غەزەلدا، (٣٠٢) دێری غەزەل سەرواداربوون، لەم (٣٠٢) دێرەشدا (٩) دێری سەروای (چوار) دەنگیی هەیە، ئاماری ئەم (٩) دێرەش بە پێی (بەحری)کانیان بەم شێوە دابەشدەبێت.

(ج: هەزەج) (غ:٥) (نموونەی غەزەل:١١) (ل:٤١) (د:١) (دە:٤) (نموونە):

بەخۆڕایی نییە سووتاوی ڕووتە عاشقی شەیدا

لە ڕووتی دیوە جیلوەی ئاتەشی ( (سینا)) لە سینەیدا

کێشی ئەم دێرە شیعرە بریتییە لە (مفاعیل، مفاعیل، مفاعیل، مفاعیل)، هەروەها بەحری هەزەجی موسەممەنی سالمە، وشەکانی (شەیدا، سینەیدا) دەبن بە وشەکانی سەروا.




هێلکاریی ژمارە (٦): ئاماری دابەشبوونی سەروای چوار دەنگی بەپێی بەحرەکان.

### ٥.٢.١. دابەشبوونی سەروای پێنج دەنگی بەپێی بەحرەکان:

لە کۆی (١٤٥٠) دێری غەزەلدا (٣٠٢) دێری غەزەل سەرواداربوون، لەم ژمارەیەشدا (٦) دێر سەروای (پێنج) دەنگییان هەیە، لەم (٦) دێرەشدا (بەحری) سەرودارەکان بەم شێوەیە:

(ج: هەزەج) (غ:٣) (نموونەی غەزەل:٤٠) (ل:١٢٥) (د:١) (دە:٥) (نموونە)

تا بادی خەزان دایە گوڵ و بەرگی ڕەزانم

سەد جێ وەکوو بولبول لە جگەر داغی خەزانم

لەم دێرەی شیعرەدا، کێشی شیعری بریتییە لە (مفعول، مفاعیل، مفاعیل، فعولن)، کە بەحری هەزەجی موسەممەنی ئەخرەبی مکفووفی مەحزووفە، هەروەها وشەکانی (ڕەزانم، خەزانم) دەبن بە وشەی سەروا.




هێلکاریی ژمارە (٧): ئاماری دابەشبوونی سەروای پێنج دەنگی بەپێی بەحرەکان.

### ٦.٢.١. دابەشبوونی سەروای شەش دەنگی بەپێی بەحرەکان:


لە کۆی (١٤٥٠) دێڕ غەزەلدا (٣٠٢) دێری غەزەل سەرواداربوون، لەم ژمارەیەشدا (١) دێڕ هەیە، کە سەروای (شەش) دەنگی هەبێت، ئەم (١) دێرە بەحرەکەی بەم شێوەیە.

(ج: رەمەل) (غ:١) (نموونەی غەزەل:٧٧) (ل:٢٣٨) (د:١) (دە:٦)
نموونە:

قەد گوڵ و ڕوو گوڵ و دەرمانی گوڵە

راستە ئەمڕۆ گوڵ خەرمانی گوڵە

لەم دێرە شیعرەی سەرەوەدا کێشی شیعرەکە بریتییە لە (فعلاتن، فعلاتن، فعلن)، کە بەحری ڕەمەڵی مەخبوونی موسەددەسی مەحزووفە، هەروەها هەردوو وشەکانی (دەرمانی، خەرمانی) دەبن بە وشەی سەروا.




هێلکاریی ژمارە (٨): ئاماری دابەشبوونی سەروای شەش دەنگی بەپێی بەحرەکان.

### ١.٢.٧. دابەشبوونی سەرواکانی حەوت دەنگی بەپێی بەحرەکان:

هیچ وشەیەکی سەروای حەوت دەنگی لە بەشی غەزەلەکاندا نییە.

### ١.٢.٨. دابەشبوونی سەروای هەشت دەنگی بەپیی بەحرەکان:


لە کۆی (١٤٥٠) دێری غەزەلدا (٣٠٢) دێری غەزەل سەرواداربوون، لەم (٣٠٢) دێرەشدا (١) دێری سەروای (هەشت) دەنگی هەیە، لەم (١) دێرەشدا (بەحری) سەرودارەکان لەم شێوازەیە، لەم غەزەلەدا سەروای هەشت دەنگی تەنها یەک بەحر هەیە، ئەویش (بەحری ڕەمەلە).

(ج: رەمەل) (غ:١) (نموونەی غەزەل:٧٦) (ل:٢٣٦) (د:١) (دە:٨) (نموونە):

چ تەلیسمێکە؟ چ سحرێکە؟ چ سەوداییێکە؟

سەری زولفت کە دوسەد چینی بە هەوداییێکە


لەم دێرەی شیعردا، کە کێشی شیعری (فعلاتن، فعلاتن، فعلاتن، فعلن)، کە بەحری ڕەمەڵی مەخبوونی موسەممەنی مەخزووف، وشەکانی (سەوداییێکە، هەوداییێکە) دەبن بە وشەکانی سەروا.




هێلکاریی ژمارە (٩): ئاماری دابەشبوونی سەروای هەشت دەنگی بەپێی بەحرەکان.

لە کۆی (١٤٥٠) دێری غەزەل، (٣٠٢) دێری غەزەل، سەرواداربوون، لەم ژمارەیەشدا دابەشبوونی بەحری سەرواکان بەم شێوە بوو:

لە ٣٠٢ دێری غەزەلی سەروادار زۆرترین ئەو بەحرانەی لەم دێرانەدا دووبارەبوونەتەوە بریتین لە (بەحری هەزەج)، کە (١٥٦) دێرە، بە ڕێژەی (٥١.٦٥٥ ٪)، کەمترین ئەو بەحرانەی لەم دێرانەدا دەرکەوتووە بریتییە لە (بەحری ڕەمەڵی موسەممەنی ئەخرەبی)، کە لە یەک دێردا هاتووە، کە دەکاتە ڕێژەی (٠.٣٣١ ٪).




هێلکاریی ژمارە (١٠): ئاماری دابەشبوونی بەحرەکان لە کۆی غەزەلە سەرواداراەکاندا.

### ٣.١. دەرکەوتنی بەشە ئاخاوتنەکان لە ناو وشەی سەروا:

#### ١.٣.١. ڕێژەی دەرکەوتنی بەشەکانی ئاخاوتن لە سەروای یەک دەنگی:

لە کۆی (١٢١) غەزەلدا و (١٤٥٠) دێری غەزەلدا، (٣٠٢) دێری سەروادارن، لەم ژمارەیەدا (١٩٧) دێر وشەکانی سەروایان لە جۆری سەروای یەک دەنگییە.

(ب: ناو) (غ: ١٦٩) (نموونەی غەزەل: ٣٨) (ل:١١٩) (د: ٣) (دە:١) (نموونە):

به نازی چاوەکەی وەک بازی دڵم هەتا پیربووم

دەترسم هەر بە بازی بمکوژێ ئەو یارە منداڵم

لەم دێرە شیعردا وشەکانی (پیربووم، مندالّم) دەبن بە وشەی سەروا، ئەم وشانەش لە ڕووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە دەبن بە (کار و ناو).

(ب:هاولّناو) (غ: ٦٩) (نمونەی غەزەل: ٢) (ل: ٢٤) (د:١) (دە:١) نموونە:

سەری کولّمت لە نێو زولفی سیا دا

ئیشارێکە لە نووری شەو چرا دا

لەم دێرەی شیعرەدا، وشەکانی (سیا، چرا)دەبن بە وشەکانی سەروا، ئەم وشانە لە ڕووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە دەبن بە (هاەلّناو، ناو).

(ب: هاوەلّکار) (غ: ٢٠) (نموونەی غەزەل:٥٣) (ل: ١٧٦) (د:٢٥) (دە:١) نموونە:

ئەی شەوچرای زیندوو دلّان ! ئەی رەنگ و بۆی باغی گوڵان

ناژیم تۆ خۆش ، بەلان ، هێندەم بەسە تۆم بێیەکەن

لەم دێرە شیعرەدا، وشەکانی (گولان، کەن)دەبن بە وشەی سەروا، ئەم وشانە لە ڕووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە دەبن بە (ناو، هاوەلّکار).

(ب: جێناو) (غ :٩) (نموونەی غەزەل:٥٠) (ل:١٦٤) (د:٩) (دە: ١) نموونە:

ئەمن کەوتووم لەبەر گریان ، وەلیّ دەستی من و دامان

سەبا گەر بوویە خوێن دامانی یار ، بگری لە باتی من

لەم دێڕەی شیعرەدا، وشەکانی (دامان، من) دەبن بە وشەکانی سەروا، ئەم وشانە لە ڕووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە دەبن بە (کار، جیناو).


(ب: ئامراز) (غ: ٥) (نموونەی غەزەل :٩٧) (ل:٢٨٤) (د :٥) (دە:١)

نموونە:

چی دەکەم، دەگریم، دەسوتێم، ئاوری دڵ نامرێتەوە

چ بەم ئاخر نووری دیدەم، سینەکەم بینا نییە

لەم دێڕەی شیعرەدا، وشەکانی (نامرێتەوە، نییە) دەبن بە وشەکانی سەروا، ئەم وشانە لە ڕووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە دەبن بە (کار، ئامراز).




هێلکاریی ژمارە (١١): ئاماری دابەشبوونی بەشەکانی ئاخاوتن لە سەروای یەک دەنگیدا.

**٢.٣.١. ڕێژەی دەرکەوتنی بەشەکانی ئاخاوتن لە سەروای دوو دەنگیدا:**

لە کۆی (١٢١)غەزەلدا، کە (١٤٥٠) دێری غەزەلە، (٣٠٢) دێریان سەروادارن، لەم ژمارەیەشدا (٢٠) دێر وشەی سەروای دوو دەنگییان هەیە.

(ب: ناو) (غ: ٢٧) (نموونەی غەزەل: ١٥) (ل:٥٢) (د:١) (دە:٢) (نموونە):

بۆ لە بی جانان، بە چاوت – من ئەوا بوومە کەباب

( (دوستان ساقی کجا تا درد هد جام شراب)) ؟


لەم دێرەی شیعرەدا، وشەکانی (کەباب، شراب) دەبن بە وشەکانی سەروا، ئەم وشانە لە ڕووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە دەبن بە (ناو، ناو).

(ب: کار) (غ: ٩) (نموونەی غەزەل: ٥٣) (ل:١٧١) (د:١) (دە:٢) نموونە:

جیلوەی سەبا لەنجەی شەمال ، بۆی زولف و خاڵی یار دەدەن ؟

یا ئەو بەهار دێنێ بە بار ، مێشکی تەتاری بۆی نەستەرەن ؟

لەم دێرەی شیعرەدا، وشەکانی (دەدەن، نەستەرەن) دەبن بە وشەکانی سەروا، ئەم وشانە لە ڕووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە دەبن بە (کار، ناو).




هێلکاریی ژماره (١٢): ئامری دابەشبوونی بەشەکانی ئاخاوتن لە سەروای دوو دەنگیدا.

### ٣.٣.١. ڕێژەی دەرکەوتنی بەشەکانی ئاخاوتن لە سەروای سێ دەنگی:

لە کۆی (١٢١) غەزەلدا، کە (١٤٥٠) دێری غەزەلە، (٣٠٢) دێریان سەروادارن، لەم ژمارەیەدا (٦٣) دێر وشەکان لە جۆری سەروای سێ دەنگییە.

(ب: ناو) (غ:٥٣) (نموونەی غەزەل: ١٦) (ل:٥٤) (د: ١) (دە:٣) نموونە:

ئەلئەمان سەر تا قەدەم سووتام و جانانم نەهات

چاو ل سورمەی خاکی ڕێ بووم ، ڕاحەتی جانم نەهات


لەم دێرەی شیعردا، وشەکانی (جانانم، جانم)دەبن بە وشەی سەروا، ئەم وشانە لە ڕووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە دەبن بە (ناو، ناو).

(ب: کار) (غ :٢٧) (نموونەی غەزەل: ٣٩) (ل:١٢٢) (د:١) (دە:٣) نموونە:

نەخۆش و مەستی دوو چاوی کاڵم

حەقم بە دەستە ئەگەر بناڵم

لەم دێڕەی شیعرەدا، وشەکانی (کاڵم، بناڵم) دەبن بە وشەکانی سەروا، هەروەها ئەم وشانە لە ڕووی دەرکەوتنی بەشەکانی ئاخاوتنەوە دەبن بە (هاوەڵکار، کار).




هێلکاریی ژمارە (١٣): ئاماری دابەشبوونی بەشەکانی ئاخاوتن لە سەروای سێ دەنگیدا.

## ٤.٣.١. ڕێژەی دەرکەوتنی بەشەکانی ئاخاوتن لە سەروای چوار دەنگی:

لە کۆی (١٢١) غەزەلدا، کە (١٤٥٠) دێرە، (٣٠٢) دێریان سەروایان هەیە، لەم ژمارەیەدا تەنیا (٩) دێر وشەی سەروای چوار دەنگییە.

(ب: ناو) (غ:١٤) (نموونەی غەزەل: ٤٨) (ل:١٥٧) (د:١) (دە:٤) (نموونە):

ئەی پەڕتەوی حوسنت هەموو ڕەنگی گوڵە باغان

نەشئەی نەزەرت رەوقی دڵ و شەوقی دەماغان


لەم دێرەی شیعردا، وشەی (باغان، دەماغان) دەبن بە وشەکانی سەروا، هەروەها ئەم وشانە لە ڕووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە دەبن بە (ناو، ناو).

(ب: هاوەڵناو) (غ: ٤) (نموونەی غەزەل: ٦٥) (ل:٢٠٥) (د:) (دە: ٤ (نموونە):

بە لێوی تۆ و بە چاوی تۆ کەوا هەر مەست و سەر مەستە

عەزیزم تا بەکەی ئەم خەستەیە هەر مەست و سەربەستە

لەم دێرەی شیعردا، وشەکانی (مەستە، بەستە) دەبن بە وشەکانی سەروا، ئەم وشانە لە ڕووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە دەبن بە (هاوەڵناو، ناو).




هێلکاریی ژمارە (١٤): ئاماری دابەشبوونی بەشەکانی ئاخافتن لە سەروای چوار دەنگیدا.

### ٥.٣.١. ڕێژەی دەرکەوتنی بەشەکانی ئاخافتن لە سەروای پێنج دەنگی:

لە کۆی (١٢١) غەزەل و (١٤٥٠) دێردا تەنیا (٣٠٢) دێری سەروادارە، لەو ژمارەیەدا تەنیا (٦) دێری غەزەل، وشەی سەرواکانیان لە جۆری سەروای پینج دەنگییە.

(ب: ناو) (غ: ٨) (نموونەی غەزەل: ٤٠) (ل: ١٢٤) (د :١) (دە: ٥) (نموونە):

تا بادەی خەزان دایە گوڵ و بەرگی ڕەزانم

سەد جێ وەکوو بولبول لە جگەر داغی خەزانم


لەم دێرەی غەزەلدا وشەکانی (ڕەزانم، خەزانم) دەبن بە وشەکانی سەروا، ئەم وشانە لە ڕووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە دەبن بە (ناو، ناو).

(ب: هاوەڵناو) (غ :٤) (نموونەی غەزەل: ٩٨) (ل: ٢٨٨) (د: ١) (دە: ٥) (نموونە):

دڵی دێوانە لەسەر زولفی لە عەلەم بەرییە

قەد ڕەهایی نییە لەو داوە کە بەستەی پەرییە

لەم دێرەی شیعرەدا، وشەکانی (بەرییە، پەرییە) دەبن بە وشەکانی سەروا، ئەم وشانەش لە ڕووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە دەبن بە (ناو، هاوەڵناو).




هێلکاریی ژماره (١٥): ئاماری دابەشبوونی بەشەکانی ئاخافتن لە سەروای پێنج دەنگیدا.

### ٦.٣.١ ڕێژەی دەرکەوتنی بەشەکانی ئاخاوتن لە سەروای شەش دەنگیدا:

لە کۆی (١٢١) غەزەل و (١٤٥٠) دێری غەزەلدا، (٣٠٢) دێر سەروادارە، لەو (٣٠٢) دێرە (١) دێری وشەی سەروای شەش دەنگییە، کە دەکاتە (٢) وشەی سەروا، هەردووکیش لە ڕووی بەشەکانی ئاخافتن دەبن بە ناو.

(ب: ناو) (غ :٢) (نموونەی غەزەل: ٧٧) (ل:٢٣٨) (د: ١) (دە: ٦) نموونە:

قەد گوڵ و ڕوو گوڵ و دەرمانی گوڵە

ڕاستە ئەمڕۆ گوڵ خەرمانی گوڵە

لەم دێرەی شیعرەدا، وشەکانی (دەرمانی، خەرمانی) دەبن بە وشەکانی سەروا، ئەم وشانە لە ڕووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە دەبن بە (ناو، ناو).




هێلکاریی ژمارە (١٦): ئاماری دابەشبوونی بەشەکانی ئاخاوتن لە سەروای شەش دەنگیدا.

### ٧.٣.١ ڕێژەی دەرکەوتنی بەشەکانی ئاخاوتن لە سەروای حەوت دەنگیدا:

لە دیوانی وەفاییدا هیچ جۆرە سەروایەک نییە، کە لە جۆری سەروای حەوت دەنگی بێت.

### ٨.٣.١ . ڕێژەی دەرکەوتنی بەشەکانی ئاخاوتن لە سەروای هەشت دەنگیدا:

لە کۆی (١٢١) غەزەل و (١٤٥٠) دێری غەزەل (٣٠٢) دێری سەروای هەیە، لەم ژمارەیەدا یەک دێر، وشەی سەروای لە جۆری سەروای هەشت دەنگییە.

(ب: ناو) (غ:١) (نموونەی غەزەل ٧٦) (ل: ٢٣٦) (د:١) (دە:٨):

چ تەلیسمێکە؟ چ سیحرێکە؟ چ سەوداییێکە؟


سەری زولفت کە دوو سەد چینی بە هەوداییێکە

(ب: هاوەڵناو) (غ:١) (نموونەی غەزەل :٧٦) (ل: ٢٣٦) (د:١) (دە: ٨):

چ تەلیسمێکە؟ چ سیحرێکە؟ چ سەوداییێکە؟


سەری زولفت کە دوو سەد چینی بە هەوداییێکە

لەم دێرەی شیعرەدا، وشەکانی (سەوداییێکە، هەوداییێکە)دەبن بە وشەکانی سەروا، ئەم وشانە لە ڕووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە دەبن بە (هاوڵناو، ناو).




هێلکاریی ژمارە (١٧): ئاماری دابەشبوونی بەشەکانی ئاخاوتن لە سەروای هەشت دەنگیدا

بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی دەرکەوتنی بەشەکانی ئاخاوتن لە وشەی سەروا لە غەزەلەکانی وەفاییدا بەبەر بەشە ئاخاوتنی ناو دەکەوێت بە ڕێژەی (٤٥.٣٦٤٪)، هەروەها نزمترین ڕێژە لە دەرکەوتنی بەشە ئاخاوتنەکان لە پانتایی غەزەلەکاندا بەبەر بەشەکانی ئاخاوتنی (چاوگ) دەکەوێت، بە ڕێژەی (٠.٣٣١ ٪) .




هێلکاریی ژمارە (١٨): ئاماری دابەشبوونی گشت بەشەکانی ئاخاوتنی لەناو وشە سەروادا

**ئەنجامەکان:**

**١.** لە کۆی (١٢١) غەزەل لە دیوانی وەفاییدا، (٣٠٢) دێری سەروادار هەیە، لەم ڕێژەیەدا (١٩٧) دێر، لە جۆری سەروای یەک دەنگییە، لەم دەنگە هاوبەشانەدا بەرزترین ڕێژە بەر دەنگی نەبزوێنی کورتی (ە) کەوتووە، کە (٧٢) جارە، بە ڕێژەی (٣٦.٥٤٨ ٪)، هەروەها نزمترین ڕێژەش بەر دەنگی (ۆ) کەوتووە، کە (١) جارە، بە ڕێژەی (٠.٥٠٧ ٪). ئەم ڕێژانە نیشاندەری ئەوەیە، کە وەفایی بۆ سەروای غەزەلەکانی؛ بە ڕێژەیەکی زۆر سوودی لە دەنگە بزوێنەکان وەرگرتووە، لەوەی لە دەنگە نەبزوێنەکان.

**٢.** زۆرترین ئەو وشانەی کە ڕۆڵی  سەروا لە ناو دێری (یەک) دەنگیدا وەردەگرن، کە ١٩٧ دێر سەروای (یەک) دەنگیی هەیە، بە ڕێژەی (٦٥.٢٣١ ٪)،  هەروەها نزمترین ئەو وشانەی دەبن بە سەروا لە دێری (شەش، هەشت) دەنگیدایە، کە  (١) دێر سەروای (هەشت و شەش) دەنگیی هەیە، کە دەکاتە ڕێژەی (٠.٣٣١ ٪) .

**٣.** لە (٣٠٢) دێری غەزەلدا زۆرترین ئەو بەحرانەی لەم دێرانەدا دووبارەبۆتەوە، بریتییە لە (بەحری هەزەجە)، کە (١٥٦) دێرە، بە ڕێژەی (٥١.٦٥٥ ٪)،  کەمترین ئەو بەحرانەی لەم دێرانەدا هاتووە بریتییە لە (بەحری ڕەمەڵی موسەممەنی ئەخرەبی)، کە لە یەک دێردا هاتووە، کە دەکاتە ڕێژەی (٠.٣٣١ ٪).

**٤.** زۆرترین ڕێژەی بەشەکانی ئاخاوتن لەناو پێکهاتەی سەرواکاندا دەبن بە (ناو)، کە (ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (٣٦٤.٤٥٪)، هەروەها نزمترین ڕێژەی دەرکەوتنی بەشەکانی ئاخاوتن لەناو پێکهاتەی وشەی سەروادا دەبێت بە (چاوگ) کە ئەمیش دوو جارە، بە ڕێژەی (٠.٣٣١ ٪).

**لیستی سەرچاوەکان:**

**سەرچاوەی کوردی:**

**١. کتێبەکان**


- دیوانی وەفایی (٢٠١٧)، لێکۆڵینەوە و لەسەر نوسینی موحەمەد سعید نەجاری (ئاسۆ)، چاپی سێیەم، چاپخانەی کوردستان، سنە.
- چالی، شەعبان (٢٠٠٨)، شێوازی شیعری جزیری، چاپی یەکەم، چابخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- گەردی، عەزیز (١٩٩٩) سەروا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- گەردی، عەزیز (٢٠١٤)، کێشناسی، چاپی یەکەم، کتێبخانەی ئارام، رانیە.
- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا (٢٠١٤)، دەنگسازی، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- کاکی، حەمە نوری عمر (٢٠٠٨)، شێواز لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
- عەزیز، هیوا نورالدین (٢٠١٦)، عەرووزناسی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سۆران، هەولێر.
- عبدالله، ئیدرس (٢٠١١)، شێواز و شێوازگەری، هەولێر.؟
-

**٢.گۆڤارەکان:**

- قەهرەمانی، جەعفەر (١٣٩٨) ، لێکدانەوەی ئاستی شیعری وەفایی،ژمارە ٥.

- ئەمین، سیروان جەبار (٢٠١٤) شیوازی سەروای غەزەلە کوردییەکانی مەحوی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣١).

- حەمەدەمین، یادگار رەسول (٢٠٢٠) ، سەروای شیعرە کوردییەکانی نالی،گۆڤاری زانکۆی راپەرین، ژمارە٧.

**سەرچاوەی فارسی:**

**١.کتاب ها:**

- شمیسا. سیروس (١٣٨٣)، عروض و قافیه، چاپ چهاردهم، انتشارات دانیشگاه پیام نوور. تهران.

- کدکنی، شفیعی (١٣٩٩) صور خیال در شعر فارسی، چاپ اول، نشر اگه، تهران.

**Abstract**

This paper aims to show a part of the style of Wafayi's Poems according to the Statistical Stylistics School. Many Kurdish scholars have done several researches on the mental, language and technical sides of the Wafayi's Diwan. Apart of his Diwan consists of)121 (sonnets. Among these sonnets,)302 (lines are rhymed. Therefore, this paper only works on these)302 (rhymed lines. It tells the number and the type of the rhymed lines along with the rhythm. In order to explain how and how much the poet has benefited from the Language Speech Sections, the research tries to connect the rhymed sounds at the end of the lines with the Language Speech Sections in the poems. Generally, this analysis indicates the rhyme scheme of Wafayi's sonnets in order to be familiar with his vision towards sonnets. In this paper, the researcher has worked on the relationship between the categories and rhymes in order to identify the categories that have been appeared in the rhymes statistically.

Key words: Literary Stylistics. Statistics. Wafayi's. Rhyme.Sonnet.

**چکیده**

هدف این مقاله نشان دادن بخشی از سبک اشعار وفایی بر اساس مکتب سبک‌شناسی آماری است. بسیاری از محققین کرد تحقیقات متعددی در زمینه ذهنی، زبانی و فنی دیوان وفایی انجام داده‌اند. به غیر از دیوان او)۱۲۱ (غزل تشکیل شده است. از میان این غزلها، (۳۰۲) بیت قافیه است. بنابراین، این مقاله فقط روی این)۳۰۲ (سطر قافیه کار می کند. تعداد و نوع خطوط قافیه را همراه با ریتم می گوید. برای تبیین چگونگی و میزان بهره‌مندی شاعر از بخش‌های گفتار زبان، این پژوهش سعی دارد اصوات قافیه انتهای سطرها را با بخش‌های گفتار زبان در اشعار پیوند دهد. به طور کلی، این تحلیل، طرح قافیه غزل وفایی را برای آشنایی با نگاه او به غزل نشان می دهد.

**واژگان کلیدی**: وەفایی. سبک شناسی ادبی. آمار. قافیه.غزل.